Published on *Institute for War and Peace Reporting* (https://iwpr.net)



# قەدەغەکردنی حزبێکی کوردی لە تورکیا کوردی عێراق تورە دەکات

قەدەغەکردنی حزبێکی سیاسیی کورد لە لایەن ئەنقەرە خۆپیشاندانی لە عێراقدا لێ دەکەوێتەوە.
.

لە ١٧ی کانوونی یەکەم، زیاتر لە ٥٠٠ کەس کە پێکهاتبوون لە کوردی ئێران و عێراق و تورکیا و سوریا لە ناوەڕاستی شاری سلێمانی خۆپیشاندانیان سازکرد و ڕەخنەی توندیان ئاڕاستەی بڕیارێکی دادگای تورکیا کرد کە بووە هۆی داخستنی پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات (دەتەپە). خۆپیشاندەران داوای یەکڕیزیان لە سەرتاسەری هەرێمەکە دەکرد.

"هاتووین لەدژی بڕیاری دادگای تورکیا ناڕەزایی دەربڕین. ئەمە پیشانی دەدات کە ئەوەی لە تورکیا دەگوزەرێت بۆ کورد بانێکە و دوو هەوا. دەبێ تورکیا روونی بکاتەوە: ئایا ئاشتیان دەوێ یان شەڕ؟" دژوار عەلی، کوردی عێراقە و تەمەنی ٢٩ ساڵە، وتی.

سیاسەتمەدارانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و لیستی گۆڕان لە خۆپیشاندانەکەدا وتەیان پێشکەش کرد و پەیامێکی ئەحمەد تورکیش، سەرۆکی دەتەپە، ئاڕاستەی خۆپیشاندەران کرا. لە لافیتەیەکدا بە کوردی و تورکی و عەرەبی نووسرابوو، "قەدەغەکردنی دەتەپە واتە توندوتیژیی زیاتر." لە یەکێکی تر نووسرابوو، "باشوور، باکوور، رۆژهەڵات، رۆژئاوا: ئێمە هەموومان یەك نەتەوەین و یەك خەبات."

هەروەها لە ١٦ی کانوونی یەکەم، سەدان هاوڵاتی لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان خۆپیشاندایان سازکرد. لەوەتەی بڕیارەکە لە هەفتەی رابردووەوە دەرچووە، گرژی و ئاڵۆزی باڵی بەسەر باشوور و رۆژهەڵاتی تورکیادا کێشاوە و دوو کەسیش لەو ئاڵۆزییەدا کوژراون و حەوتی تریش بریندار بوون.

"دوو پەیامان هەیە. یەکەم ئێمە ئیدانەی قەدەغەکردنی ئەو پارتە کوردیە دەکەین. دووەم، دەمانەوێت بە تورکیا بڵێین پێشێلکردنی مافی کوردان بوەستێنێت،" کاوە قورێشی، کوردی ئێرانە و تەمەنی ٢٦ ساڵە و بەهۆی جیاکاریی سیاسییەوە لە ئێران رایکردووە، وتی. "دەزانین ئەوە بڕیاری حکومەتی تورکیا نییە، بەڵکو بڕیای نەتەوەپەرستە توندڕەوەکانە لە تورکیا."

هەروەها داخستنی دەتەپە گومانی لای کوردی عێراق دروست کردووە سەبارەت بە دەستپێشخەری ئەنقەرە بۆ کرانەوە بە رووی کوردی تورکیا کە پلانێکە چەند مانگێك لەمەوبەر راگەیەنرا بۆ فراوانکردنی مافەکانی کورد لەو وڵاتە کە ژمارەیان ٢٠ ملیۆنە و کۆتاییهێنان بە یاخیبوونی کوردەکان لە باشووری رۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە کە هەندێ جار بەرەو کوردستانی عێراق پەلی هاویشتووە.

لە ١١ی کانوونی یەکەم، دادگای دەستووریی تورکیا لە ئەنقەرە بە تێکڕای دەنگ بڕیاریدا دەتەپە قەدەغە بکات بەتۆمەتی هاندانی جوداخوازیی رەگەزی و هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان، پەکەکە، کە لە تورکیا یاساغە. لە بەیاننامەیەکدا، دەتەپە رەتیکردەوە "پەیوەندیی ئۆرگانی" بە پەکەکەوە هەبێت بەڵام خۆی بەدوور گرت لە ئیدانەکردنی مێژووی یاخیبوونی توندوتیژی پەکەکە.

هەروەها سی و حەوت بەرپرسی دەتەپەش لە کاری سیاسی قەدەغە کران کە دوانیان پەرلەمانتار بوون. ١٩ پەرلەمانتارەکەی تری سەر بە دەتەپە وەك ناڕەزایی بەرامبەر بەو قەدەغەکردنە دەستیان لەکار کێشایەوە.

"بزوتنەوەی گۆڕان ئیدانەی ئەو قەدەغکردنە دەکات و بە هەنگاوێك دژی دیموکراسی دادەنێت. ئەمە پێشێلکردنێکی روونی مافە سیاسییەکانی کوردە. ئەم هەنگاوە پێمان دەڵێ کە پرۆژەی کرانەوەی کورد هێشتا ماوەیەتی لە کۆمەڵگەی تورکی یان کاروباری سیاسی بچەسپێ،" دکتۆر جەعفەر عەلی، ئەندامی لیستی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، وتی.

"ئەو بڕیارە سەرەتایەکە بۆ توندوتیژی زیاتر و گرژی زیاتر لەنێوان گروپە رەگەزییە جیاوازەکان لە تورکیا."

پەکەکە، کە لە لایەن تورکیا و ئەمریکا و یەکێتیی ئەوروپا بە گروپێکی تیرۆرستی لەقەڵەم دراوە، ٢٥ ساڵە لە دژی ئەنقەرە شەڕی پارتیزانی دەکات. نزیکەی ٤٠،٠٠٠ کەس لەو شەڕەدا کوژراون و سەربازان و فڕۆکەکانی تورکیا زۆرجار لەناو خاکی عێراق لە دژی چەکدارانی پەکەکە ئۆپەراسیۆنیان ئەنجام داوە.

پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستانی عێراق و تورکیا گرژیان تێکەوت دوابەدوای شاڵاوەکەی ئەمرکیا بۆ سەر عێراق لە ٢٠٠٣. تورکیا ئەو کاتە دەیوت حکومەتی هەرێمی کوردستان رێگا بە پەکەکە دەدات لە بنکەکانی خۆیانەوە لە سنوورە شاخاوییەکانی هەرێمەکەوە هێرش بکەنە سەر تورکیا.

لە ٢٠٠٧، ئەنقەرە هەڕەشەی دەستێوەردانی سەربازی کرد ئەگەر هێزەکانی کوردی عێراق هەوڵیان دا کەرکوکی دەوڵەمەند بە نەوت بخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە. پارێزگای کەرکوك یەکێکە لە ناوچە جێناکۆکەکان و ژمارەیەکی زۆر تورکمانی تێدا دەژی کە پەیوەندیی مێژوویی و رەگەزیان بە تورکیاوە هەیە.

شێوازی توندوتیژی بیری نەتەوایەتیی کورد لای پەکەکە هاوسۆزی هەندێ لە کوردی عێراق راکێشاوە، بەڵام پێگەی ئەو میلیشیایە لە چەند ساڵی رابردوودا کەمی کردووە بەهۆی زیادبوونی پەیوەندیی سیاسی و ئابووری و کلتووری لەگەڵ تورکیا. لە هەنگاوێکدا بۆ رازیکردنی تورکیا، حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق گشت چالاکییەکانی پەکەکە و پارتێکی ناڕەسمی کە هاوسۆزی پەکەکەیە بەناوی پارتی چارەسەری کوردستان قەدەغە کردووە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەرامبەر قەدەغەکردنی دەتەپە لە هەفتەی رابردوو بێ دەنگ ماوەتەوە.

"دەست ناخەینە ناو کاروباری تورکیا. قەدەغەکردنی ئەم پارتە مەسەلەیەکی ناوخۆییە،" گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان د. هادی مەحمود بە IWPRی وت. "ئێمە داوای چارەسەری ئاشتیانە دەکەین بۆ کێشەکانی کوردی تورکیا."

لەگەڵ ئەوەشدا، سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانی عێراق،کە مەسعود بارزانی سەرۆکایەتی دەکات، نیگەرانی دەربڕی لە داخستنی ئەو پارتە و کاریگەرییەکانی لەسەر کرانەوەی ئەنقەرە بە رووی کورددا.

لە بەیاننامەیەکی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانی عێراقدا لەسەر قەدەغەکردنی دەتەپە هاتووە، "سەرۆکایەتیی هەرێم خۆشحاڵ بوو بەرامبەر بە کرانەوە دیموکراتییەکەی حکومەتی پارتی داد و گەشەپێدان بەرامبەر بە رەوتی ریفورمخوازی و گەشەکردنی زیاتری دیموکراسی لە تورکیا و هیوادارە کە ئەم بڕیارەی دادگای باڵای دەستووریی تورکیا نەبێتە هۆی راگرتنی ئەو پرۆسە گرنگە."

دکتۆر جەعفەر عەلی، پەرلەمانتارەکەی سەر بە لیستی گۆڕان، وتی هەڵوێستی حکومەتی هەرێم رەنگدانەوەی پەیوەندییەکانیەتی لەگەڵ تورکیا کە بەم دواییە بەهێزتر بووینە.

"لە بەیاننامەکەیانەوە هەست دەکەیت کە دەیانەوێ هاوسەنگی ئێستای پەیوەندییەکانیان لەگەڵ تورکیا بپارێزن. ئەمە مەترسیدارە چونکە ئەوان ئەوە لەسەر حسابی کورد و مافەکانی کورد دەکەن،" ئەو وتی.

لە بەیاننامەیەکدا کە ووشەی توندی تێدا بەکارهاتووە، کۆمەڵێك لە رۆژنامەنووسانی کوردستان ئەو بڕیارەی دادگای تورکیایان ئیدانە کرد و بە "کارێکی شوڤێنیانە"یان ناوبردووە.

ئەو کۆمەڵە رۆژنامەنووسە لە بەیاننامەکەیاندا نووسیبوویان، "هیچ بیانوویەك بۆ داخستنی دەتەپە نەبوو. ئەو هەنگاوە لەدژی خواستی کوردەکانە جا لە هەر کوێیەك بن و دەبێت بەتوندی ناڕەزایەتی لەبەرامبەریدا دەرببڕدرێت".

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کە بەوە ناسراوە پەیوەندی نزیکی لەگەڵ حزبی دەسەڵاتداری تورکیا هەیە داوای لە ئەنقەرە کرد کە بە واقیعیانە مامەڵە بکات و لە جێبەجێکردنی پلانی کرانەوەی بە رووی کورددا بەردەوام بێت.

لە بەیاننامەیەکی یەکگرتووی ئیسلامیدا هاتبوو، "بەداخەوە، ئەم بڕیارە بەربەستێکی گەورەیە لەبەردەم پرۆسەی کرانەوەی کورد لە لایەن پارتی ئەکەپەوە کە پرۆسەیەکی هیوابەخش و دیموکراتییە."

فازڵ نەجیب، شیکەرەوەیەکی سیاسی کوردە، ئۆباڵی شکستی دەتەپەی خستە ئەستۆی دەتەپە خۆی، "ئەو بڕیارە ئەنجامی سیاسەتە چەوتەکانی خۆیانە. دەتەپە حزبی هەموو کوردەکانی تورکیا نەبوو."

بە بڕوای سۆما خالید، تەمەنی ١٦ ساڵە و لە پێنجوێنەوە دوو کاتژمێر رێگای بڕیبوو تا بەشداری لە خۆپیشاندانە بکات، مەسەلەکە پەیوەندی بە یەکێتیی کوردەوە هەیە.

"پێویستە تورکیا سیاسەتیی توندوتیژی خۆی بەرامبەر بە کورد بوەستێنێت،" سۆما وتی. "ئێمەی کوردی ئەو چوار وڵاتە هیچ سنوورێك لەنێوانماندا نییە. ئێمە هەموومان یەك نەتەوەین."

هێمن لهۆنی موحەریرێکی ناوخۆیی IWPRلە سلێمانی ە.

**Location:** Turkey
Syria
Iraqi Kurdistan
Iraq

---

**Source URL:** https://iwpr.net/ku/global-voices/%D9%82%D9%87%E2%80%8C%D8%AF%D9%87%E2%80%8C%D8%BA%D9%87%E2%80%8C%D9%83%D8%B1%D8%AF%D9%86%DB%8C-%D8%AD%D8%B2%D8%A8%DB%8E%D9%83%DB%8C-%D9%83%D9%88%D8%B1%D8%AF%DB%8C-%D9%84%D9%87%E2%80%8C-%D8%AA%D9%88%D8%B1%D9%83%DB%8C%D8%A7-%D9%83%D9%88%D8%B1%D8%AF%DB%8C-%D8%B9%DB%8E%D8%B1%D8%A7%D9%82-%D8%AA%D9%88%DA%95%D9%87%E2%80%8C-%D8%AF%D9%87%E2%80%8C%D9%83%D8%A7%D8%AA